# سێ تەبلێتی سمارت لە لینۆڤۆوە

**لە پێشانگای ساڵانەی IFA2019دا لینۆڤۆی بەبێ هیچ پێداهەڵدان و ریکلامێك لە پێشەنگدا بوو، بە بەرهەمی زۆرو ناوازەکانی بەشێکی گرنگی پێشانگاکەی بۆخۆی تەرخان کردبوو. لەو پێشانگایەدا سێ تەبلێتی سمارتی خۆی خستنەڕو کە ئاماژە بە توانا و کارایی تەبلێتەکان دەکەین.**

**تەبلێتەکانی جۆری Yoga Smart Tab و هەروەها Smart Tab M8 و Lenovo Smart Display 7 ئەو تەبلێتانە بوون کە لە پێشانگاکەدا خرانەڕوو. ئەم تەبلێتانە جگە لەوەی کاری تەبلێت دەکەن، وەك هایێکیش بۆ خانووە هۆشمەندەکان سوودیان لێدەبیندرێ.**

## تەبلێتی جۆری Lenovo Smart Display 7




تەبلێتی Display 7یش لە ریزی تەبلێتە هۆشمەندەکانی لینۆڤۆ دێت، ئەم تەبلێتە بە بەراورد بە دوو تەبلێتەکەی پێشوو بچووکترە، شاشەکەی حەوت ئینجە و لە جۆری SD یە. بەڵام ئەویش دەکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە سوودی لێوەربگیردرێ.

تەبلێتی ناوبراو چوارچێوەیەکی کەمی هەیە و زیاتر شاشەیە. بڵندگۆکانی بەهێزن و دەنگ وەك ستریۆ لێدەکات. تایبەتمەندی جۆری TrueBlock Privacy Shutter تێدایە ئەوە وا دەکات بە داگرتنی دوگمەیەك دەنگەکە تەنیا بۆ بەکارهێنەرەکەی بچێت و کەسانی دیکە ئازار نەدات.

تەبلێتەکە رەنگی سپییە و پایەیەکی تایبەتی هەیە کە لێی جیا ناکرێتەوە، لەراستیدا دەکرێت وەك دیکۆر بۆ نیشاندانی کات و زانیاری تایەبت بە کەش هوا دابندرێ، هەروەها بۆ ژووری چێشت لێنانیش گونجاوە و چێشتلێنەر دەتوانێت یا گوێ بداتە گۆرانییەك یا سەیری فیلمێکی تایبەت بە چۆنییەتی چێشت لێنان بکات.



## تەبلێتی جۆری Yoga Smart Tab



ئەم تەبلێتە ١٠ ئینجە، شاشەکەی لە جۆری FHDیە لە بواری دەنگدا لە ریزی پێشەنگەکان دێ، دەنگێکی بەهێزی هەیە و دەکرێ بۆ کاری مۆسیقا سوودی لێوەربگیردرێ. وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرا، دەکرێت وەك هابێك واتتە کۆنترۆڵی ئامێرە سمارتەکانی خانووە زیرەکەکان سودی لێببیندرێ.

یوگا سمارت لە ریزی زنجیرە تەبلێتەکانی yoga tab 3 دێت، پایەیەکی تایبەتی هەیە بۆ دانان لەو شوێنەی بە گونجاوی دەزانی، تەبلێتەکان بەگشتی هیچ پایەیەکیان نییە، ئەمەش وا دەکات بەکارهێنەر هەمیشە دەبێت بە دەستیەوە بێ، بەڵام تەبلێتی ناوبراو وا نییە.

خودی تەبلێتەکە چوارچێوە و رووکەشەکەی پلاستیك نییە، بەڵکو ئەلۆمینیۆمە.دەنگێکی بەهێزی هەیە سپیکەرەکانی لە جۆری JBL-Hi-fiین. لەگەڵ گوگل ئیستینت پەیوەند دەدرێ و هەروەها دەکرێت وەك ئەلبۆمی دیجیتالیش سوودی لێوەربگیردرێ.

# تەبلێتی جۆری Lenovo Smart Tab M8

گەرچی تەبلێتەکان بۆ تاکەکەسن ، بەڵام تەبلێتی جۆری سمارت Tab M8 دەکرێت بۆ هەموو ئەندامانی ماڵەوە بێت. تەبلێتێك هەم گەورەکان و هەم بچووکەکان سوودی لێدەبینن. ئەویش وەك تەبلێتی جۆری yoga دەکرێت وەك هابێك واتە ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرە هۆشمەندەکانی ماڵەوە سوودی لێ ببیندرێ.

بەکارهێنەر دەتوانێت تەبلێتی ناوبراو بە (داك) ێکی تایبەتەوە واتە Smart Charging Station پەیوەند بدا و فەرمانی کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکان بەدەنگ پێبدا.

لەم تەبلێتەدا تایبەتمەندی MEMS لە مایکەکانی دا هەیە بۆ ئەوەی کە لەیەك کاتدا چەند فەرمانێك ئەنجام بدەن. لە تەبلێتی M8{ا پرۆسیسەری چوار ناوەکی بە شەپۆلی دوو گیگاهێرتزی تێدایە و سیستەمی وەرگرتنی ئەنتەرنێتی بەهێزی هەیە چونکە لە 5G سوود وەردەگرێ.

وەك ئاماژە پێکرا دەکرێت هەموو ئەندامانی ماڵەوە بەپێی ویستی خۆیان سوود لە تەبلێتەکە وەربگرن، بۆیە هەرکام دەبێت ژمێرەی (ئەکاونت)ی تایبەت بەخۆیان هەبێت، تەبلێتەکە روخسارەکان دەناسێتەوە و بۆ هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە ئەو پرۆگرامانە دەکاتەوە کە پێشووتر بەکارهێنەرەکە دایناببوون.




# بە ویستی خۆت تامی ئاوەکەت بگۆڕە

بتڵی ئاو یا قومقومەیەکی زیرەکی تایبەت بە ئاو بەناوی lifeFuels بەرهەم هاتووە بۆ ئەوانەی کە گرنگی بە ئاو خواردنەوە نادەن شتێکی گرنگە.

قومقومە هۆشمەندەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆی ئاپێکی تایبەتەوە کە لە مۆبایلەکەدایە رێژی ئاوی خواردنەوەو چۆنییەتی ئاوی خواردنەوە و چەندی ئاو تێدا ماوە دیاری دەکرێ.

بتڵە هۆشمەندەکە بۆ ئەوانەی کاری وەرزشی دەکەن گرنگی خۆی هەیە، چونکە تەنیا ئەوە نییە ئاوی تێبکرێت، بەڵکو بەهۆی بوونی دانانی سێ شوێن کە تامی میوەی تێدەکرێت دەکرێت تامی ئاوەکە بگۆڕی. تامی میوەکان لە بتڵۆکەی بچووك دانە کە بە fuelPods ناسراوە. ئەم بتڵۆکانە هەم تامی میوە و هەم ڤیتامین تایبەتی تێدەکرێ کە بۆ بەکارهێنەرەکەی پێویستە.

بەکارهێنەر دەتوانی بەهۆی مۆبایلەکەیەوە تامی ئاوەکە بگۆڕێ و حەز لە تامی کام میوە بکا، دەتوانی هەر لە مۆبایلەکەوە تامەکە بکاتەناو ئاوەکە، دەکرێت لەیەك کاتدا هەرسێ تامەکەشی تێبکرێ. بتڵەکە رێژەی ئەو ئاوەی کە بەکارهێنەر لە مەودای رۆژدا خواردوویەتەوە دەست نیشان دەکا.

بتڵەکە شەحن دەکرێتەوە و بە هەر شەحنکردنەوەیەکیش دەتوانی هەتا هەفتەیەك سوودی لێوەربگری.






# کاتژمێرە زیرەکەکانی مایکل کۆرس

کاتژمێرە سمارتەکان خەریکە گشتگیر بن و بێگومان رۆژێك دێت بەتەواوی شوێنی کاتژمێرە کلاسیکیەکان دەگرنەوە. هەر رۆژە لەلایەن کۆمپانیایەك مودێلێکی نوێی کاتژمێری زیرەك بەتایبەتمەندی نوێوە بەرهەم دێت، لەم دوایەشدا کاتژمێرە زیرەکانی مایکل کۆرس کە سێ کاتژمێرن کەوتنە بازارەوە.

مایکل کۆرس کێیە؟ مایکل کۆرس ناوی دامەزرێنەری براندێکە هەر بەو ناوە و کە نوێترین ئامێری مۆدە بەرهەم دێنێ. کاتژمێرە زیرەکەکانی Bradshaw ، Lexington 2 و 2 MKGO نوێترین کاتژمێری مایکل کۆرسن.

کاتژمێرەکان لە بواری دیزاینەوە سەرنج راکێشن، سپیکەرێکی بەهێزیان لەگەڵدایە، باترییەکەیان درەنگ دادەبەزێت و میمۆری ناوخۆیان ٨ گیگابایە، پرۆگرام گەلێکی زۆری لەسەر دانداوە. لەرێگای مایك و ئەپە تایبەتەکانەوە دەتوانرێ بە دەنگ فەرمانەکان جێبەجێ دەکات. بە دوو رەنگی زێری و زێوی بەرهەم هاتوون و لە پۆلای دژە ژەنگ دروست کراون. کاتژمێرەکان زیاتر بۆ ئەوانەی کاری جەستەیی و وەرزش دەکەن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز پرسیار دەکات کە ماوەیەکە لاپتۆپەکەم لەخۆوە گەرم دایێت بە جۆرێك ناتوانم دەستی لێبدەم، هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنەری بەرێز، هۆکارەکانی گەرمداهاتنی لاپتۆپ گەلێکن، کە زۆربەی هەرە زۆریان پەیوەندی بە کارنەکردنی بەباشی فەن (پانکە)ی لاپتۆپەکەوە هەیە.

ئەگەر یەکێك لە پرۆگرامە قورسەکانی وەك فۆتۆشۆپ، یا پرۆگرامێکی تایبەت بە مونتاژی فیلم یا پرۆگرامی تایبەت بە 3D بۆ ماوەی چەند کاتژمێر کار بکات، ئەوە زۆر سروشتییە کە لاپتۆپەکە گەرم دادێت بەهۆی قورسی پرۆگرامەکانە، بەڵام ئەگەر هەر لەخۆوە گەرم دایێت، ئەوە بزانە فەن (پانکە)کەی تۆز و خۆڵی چۆتە بەر، یان وایەرەکەی هاتۆتە دەر، یان کارەبای بۆ ناچێت، یان ژێرەوەی بالیف یا شتێکی نەرمی لێیە کە ناهێڵێت هەواکە دەربچێت. بە خاوێنکردنەوە و چارەسەرکردنی فەن ئەگەری زۆری هەیە کێشەکە چارەسەر بێت. کۆن بوونی لاپتۆپیش بۆخۆی هۆکارێکە بۆ گەرمداهاتنی لاپتۆپەکە..



# پرۆگرامێک بۆ رێکخستنی مۆبایل لەسەر کۆمپیوتەر

کۆمپیوتەر و مۆبایل ئەگەرچی دوو ئامێری لێکجیان، بەڵام زۆر شت پێکەوەیانەوە دەبەستێتەوە، مۆبایل کۆمپیوتەرێکی بچووکە کە هەڵدەگیردرێت و بەڵام کارایی کۆمپیوتەری نییە. کۆمپیوتەریش مۆبایلێکی گەورەیە بەڵام بە ئاسانی هەڵناگیردرێت. لەنێوان ئەو دوو ئامێرەدا پێویستە پرۆگرامێك هەبێت کە پێکەوەیان ببەستێتەوە. گەلێك پرۆگرام هەن لەو بارەیەوە یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی MOBILedit! Fo-rensicیە.

ئەم پرۆگرامە بۆ گشت مۆبایلێك دەگونجێت و لە رێگای کۆمپیوتەرەوە دەتوانرێ کۆنتروڵ و رێکخستنی مۆبایلەکەت بکەی، بۆ نموونە ناو و هەژماری ئەوانەی پەیوەندیان پێوە دەکەی، زانیارییەکانی ناو مۆبایلەکە کۆپی بکەی و رابگوێزی. پەیامەکان هەر لە کۆمپیوتەرەوە بەرێ بکەی و بخوێنیەوە.

دەتوانی فایلەکان بەشێوەی وۆرد یا ئیکسل تۆمار بکەی. وێنەکان رابگوازی و دەستکاریان بکەی.

# SSDی شوێنی HDD گرتەوە

ئێستاکە لەبری هاردی کۆمپیوتەر (Hard Disk Driv) کە بە کورتکراوەی HDD دەناسرێ وشەی SSD بەکاردێت کە کورتکراوەی دەستەواژەی (Solid state disk)یە... بۆ هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکان لە کۆمپیوتەردا لە هارد سوود وەردەگرێ، هارد پەپکەیەکی ئاسنیە و لە چوارچێوەیەك خراوە و بە سووڕانێکی زۆر خێرا داتاکان لەخۆیدا تۆمار دەکات، چونکە بەخێراییەکی زۆر دەسوڕێتەوە، ئەم سوڕانە هەم وزەی زیاتری دەوێ و هەم زووتریش لە SSD تێکدەچێ. چونکە لە سیستەمی SSDدا هیچ سوڕانێك نییە و داتاکان چۆن دەچنە سەر میمۆری بەمجۆرەش دەچنە سەر SDD. ئەم ئامرازە نوێیە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم کێشی کەمترە..

کۆمپانیای ADATA نوێترین SDD خۆی بەناوی SC680 خستەڕوو، ئەم SDDیە کێشی تەنیا (٣٥ گرامە) و بارستاییەکەشی تەنیا ١٠ ملمە واتە یەك سانت. بە ئاسانی راگواستنی دەکرێ و دەتوانرێ لە گیرفانیش بخرێ. خێرای داکردن و راگواستنی داتاکان دەگاتە ٥٣٠/٤٦٠ میگابایت لە چرکەیەکدا. خێرایی ئەم درایڤە زیاتر لە ٦,٦ جار خێراترە لە هارد دیسکی دەرەکی.

ئەم SSDی ئاماژەمان پێدا بەتەواوی دژە بەرکەوتنە، بێدەنگە، وزەیەکی زۆر کەمی دەوێت. بە شوێنی USBیەوە پەیوەند دەدرێ. لەگەڵ سیستەمی ویندۆز و ئەندرۆید و mac OS دەگونجێت.




# پرینتەری بێ کارتریج

کارتریج (cartridge) بەو تەنکیە بچووکانە دەگوترێ کە رەنگ یا بە واتایەکی دیکە (حیبری) تایبەت بە پرینتەرەکانی تێدەکرێ. بە زۆری لە پلاستیك پێکهاتوون و پرینتەرە رەنگییەکان ئەوانەی لەیزەری نین دەبێت چوار (کارتریج)یان بۆ دابندرێ.. کارتریجەکان دوای تەواو بوون یان فرێ دەدرێن یا جارێکی دیکە پڕ دەکرێنەوە..

کۆمپانیای HD پرینتەرێکی بەرهەم هێناوە کە بەبێ کارتریج کار دەکات، (بە هەڵە تێمەگەن نەك بەبێ حیبر، بەڵکو بێ کارتریج).. پرینتەری جۆری -Never stop Laser بە سرنجێکی گەورەی پلاستیکی پڕ دەکرێتەوە و هیچ کات کارتریجەکەی فرێ نادرێ و ناگۆڕدرێ. لە ماوەی ١٥ خولەکدا کارتریجی ناو پرینتەرەکە پڕ دەبێتەوە و دوای ئەوە دەکرێت ٥ هەزار لاپەڕەی پێ چاپ بکرێت.

پرینتەرەکە ئاپێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت لە مۆبایلەکەی خۆیەوە و هەروەها لە سیستەمە خزمەتگوزارییەکانی وەك (درۆپ بۆکس، و گوگل درایڤ)یش فەرمانی پرێنت کردن بدات. وەك زۆربەی پرێنتەرەکان سکان کردن و کۆپی دەکات.






## ماڵپەرێک بۆ بەرێکردنی فایلە گەورەکان

بەرێکردنی فایلە گەورەکان لە ئینتەرنێتدا تارادەیەك دژوارە، چونکە فایلێکی گەورە بە ئیمێل بەرێ ناکرێ و ناچاری پەنا بۆ ماڵپەری تایبەت بە بەرێ کردنی فایلی گەورە یان پرۆگرامی تایبەت بەری.

یەکێك لە ماڵپەرە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە، ماڵپەری Sharefast.me یە. ئەم ماڵپەرە لە ریزی خێراترین ماڵپەرەکانی ئەم بوارە دێت. خاڵێکی گرنگ لە ماڵپەرەکەدا ئەوەیەوە ئەمنییەتێکی زۆری تێدایە، بەکارهێنەر دەتوانێت ماوەی مانەوەی فایلەکە لە ماڵپەرەکەدا سنووردار بکات، واتە دەتوانێت لە دە خولەکەوە هەتا یەك رۆژ کاتی بۆ دابنێت، لە دوای ئەو ماوەیەدا نە فایلەکە و نە لینکی تایبەت بە فایلەکە لە ماڵپەرەکەدا نامێنێت.